پەیامنێری رادێوی نەوا دوو جار دەگیرێ و ئازاد دەکرێ

هەرچەندە رۆژی ٢٠ / ١١ / ٢٠٠٥ پارێزگاری هەولێر لە لێدوانێکیدا بۆ رادیۆی نەوا تەئکیدی کردەوە کە لەشاری هەولێر خۆپیشاندان سازنەکراوەو کەس نەگیراوە، بەلاّم پەیامنێرمان لە شاری هەولێر سازکردنی خۆپیشاندانەکەی تەئکید کردەوە و پێی راگەیاندین هێزەکانی ئاسایش دەستگیریان کردووەو هەڕەشەی ئەوەیان لێکردووە کە نابێت هەواڵی ئەو خۆپیشاندانە بلاّوبکاتەوە. بلّند مستەفا ئەوەشی پێ راگەیاندین کە جارێکی دیکە لە کاتی ئامادەکردنی راپۆرتێکدا لە ناو بازاڕ لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکراوە. بلّند مسەتەفای پەیامنێری رادیۆی نەوا لە شاری هەولێر ووتی: کاتژمێر سێونیوی ئێوارەی ٢٠٠٥/١١/٢٠ زیاتر لە دووسەد کەس رژانە سەرشەقامەکان لە هەولێر بەمەبەستی سازکردنی خۆپیشاندانێك. ئێمە وەك پەیامنێری رادێوی نەوا هەواڵکەمان زانی. کاتژمێر چوار گەیشتینە شوێنی خۆپیشاندانەکە، جێگەی سەرنجە کە لە شوێنی خۆپیشاندانەکە پیاوانی ئاسایش بە شێوەیەکی بەرچاو و زۆر لێی رژابوون، بە شێوەیەك کە ئێوارە لە ناو بازاڕ خەڵکی ئاسایش زیاتر بووە لە خەڵکی تر. ئێمە بۆ ئیجرائات کردنو تەغتیەکردنی هەواڵکە دەستمان بەکارەکانی خۆمان کرد. لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە بانگکراینو دوای ئەوەی ناسنامەی رۆژنامەگەرییان لێ وەرگرتین لەگەڵ کۆمەڵێك ئیجرائاتی تر. پاشان ئیزنیان داینو پاش ئەوەی ویستمات دەست بە کارەکانمان بکەین لەلایەن چەند ئەفسەرێکی ئاسایشەوە بانگکراینەوە و دووبارە دوای سوکایەتی پێکردنو ئیهانەیەکی زۆر هەموو کەلوپەلەکانیان وەکو کامێراو ریکۆردەرو تەنانەت مۆبایلی تایبەتیشیان لێ سەندم، لەگەڵ ئەفسەرێکی ئاسایش منیان رەوانەی بنکەی ئاسایش کرد. دوای ئەوەی ئەفسەری ئاسایشەکە زیاتر لە کاتژمێرێك منی گێڕا، منیان لە ناو بازاڕ بەڕەلاکردەوەو وتیان بچۆ لە دائیرە کەلوپەلەکان وەربگەرەوە. دوای پەیوەندی کردنەوەیەکی زۆر ئینجا کەلوپەلەکانم بەدەست گەیشتەوە، بەلاّم کاتێك کەلوپەلەکانیان دامەوە سەرجەم ئەو وێنانەی کە لەسەر کامێراکە بوو هەمووی ڕەشکراوەتەوەو. لەناو مۆبایلەکەی خۆشم هەموو ژمارەو ناوەکان رەشکراوەتەوە و ستۆدیۆی مۆبایلەکەشم خاڵی کراوەتەوە. نەشمان توانی لەسەر ئەو شتانە قسەیەك بکەینو تەنانەت ئەفسەرەکانی ئاسایش هەرەشەی ئەوەیان لێکردم کە بەهیچ شێوەیەك هەواڵی بوونی خۆپیشاندان بلاّونەکەمەوەو دەقاو دەقیش یەکێك لە ئەفسەرەکانی ئاسایش پێی ووتم: لەبەر ئەوەی رادیۆی نەوا گوێگرێکی زۆری هەیە ئەگەر ئەم هەواڵە بلاّوبکرێتەوە خەڵکێکی زۆر دەزانێ کە لەهەولێر خۆپیشاندان هەبووە و نایانەوێ کەس بزانێت کە لەهەولێر خۆپیشاندان هەبووە. جارێکی تر ئیهانەی ئەوەیان کردم کە هەواڵی خۆپیشاندانو دەسگیرکردنەکان رانەگەیەنم. پاشان لەکاتێکدا کە لەناو بازاڕ خەریکی کاری رۆژنامەگەری خۆمان بووین لەگەڵ خەڵك، دووبارە لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکراین لەبنکەی ئاسایشی خانەقا لەناو بازاڕ دوای مانەوەی چەند کاتژمێرێك ئازاد کراین.

- رادیۆی نەوا.

کۆسرەت رەسول: پێمان خۆشە هەردوو ئیدارەکە یەکبگرێتەوە

لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) خۆشحاڵی خۆیان بەرانبەر بە لێدوانەکەی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەربڕی، سەبارەت بەوەی کەئەگەر هەردوو ئیدارەکە یەکنەگرنەوە ئەوا سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئامادەیە هۆکارەکانی یەکنەگرتنەوە لەناو پەرلەماندا باس بکات و بەخەڵکی کوردستانی ڕابگەیەنێت. کۆسرەت ڕەسول سەرۆکی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەپەیامنێری ڕادیۆی نەوای ڕاگەیاندبوو: پێمان خۆشە هەردوو ئیدارە یەکبگرێتەوە. هاوکات عومەر فەتاح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان - ئیدارەی سلێمانی ووتبووی: ئەوقسەیەم زۆر پێ خۆش بوو،ئومێدەوارم لەزووترین کاتدا جێبەجێ بکرێت، منیش لەگەڵ ئەوەدام کەیەکنەگرتنەوەی هەردو ئیدارەکە بۆ هەموو لایەکمان خراپە، ئێستاش چاوەڕوانییەکی زۆر لە شەقامی کوردستان لەئارادایە بۆیەکنەگرتنەوەی ئیدارەکان، سەرۆکی هەرێم گەڕایەوە کوردستان و ئێستا چاوەڕوانی سەرۆك کۆماری عێراق ئەکرێت بۆدواهەواڵەکانی یەکنەگرتنەوە.

سیستەمی جاشایەتی لە ڕۆژهەلاّتی کوردستان زیندوو دەکرێتەوە

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی عێراق - ئێران و کەمبوونەوەی چالاکی بزافی چەکداری لەڕۆژهەلاّتی کوردستاندا، دیاردەی جاشایەتی بەرەو کزی ڕۆیشت و هەڵوەشایەوە، بەلاّم بەگوێرەی هەواڵەکان ماوەی سێ مانگە، سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستان، دەستیبەچەکدار کردنەوەو ڕێکخستنەوەی جاشەکان کردۆتەوە. لەهەرکام لەشارەکانی پارێزگای کوردستان دەرگەی ناو نوسین بۆ بەسیجی بوون کراوەتەوە. هانی گەنج و لاوان دەدرێت ناوی خۆیان تۆمار بکەن، دوای تەواو بوونی پرۆسەی ناو نووسین ژمارەی پێویست لەناوەکان هەڵدەبژێرن و خولێکی ڕاهێنان و مەشقیان بۆدەکرێتەوە، کەئەو کەسەی خولەکەتەواو دەکات بەفەرمی وەك پاسدار وەردەگیرێ و مانگانەش ٣٠٠ هەزار تمەن مووچەی پێدەدرێت. بەگوێرەی هەوالەکان یەکەمین خولی ڕاهێنانی بەسیج (جاش)، ڕۆژی ٢٤ی خەزەلوەرەوە،لەپادگانی "محەمەد ڕەسوەلل اللە" لەلایەن فێرگەی سیاسی لەشکری ٢٢ی بەیتولموقەدەسی سوپای پاسدارانەوە دەستی پێکردووە کە٣٠٠ کوردی تێدا کۆکراوەتەوە.

مادیح ئەحمەدی دەمی خۆی درووە

تەبرێز نیوز: "مادیح ئەحمەدی"، ڕۆژنامەنووسی کورد کە لەبەندیخانەی مەریواندا بەندکراوە پاش مانگرتن لە خواردن زاری خۆی درووەوە. "ئەحمەدی"، ڕۆژنامەنووسی سنەیی کە لە پەیوەندی لەگەڵ ئاڵۆزیەکانی مانگەکانی رابردووی کوردستاتن دا گیراوەو پاشان رەوانەی بەندیخانەی مەریوان کراوە، بۆ دەربرینی نارەزایەتی لەوەی کە بریاری دەست بەسەرکردنیان نەکردووە بە بریاری ئازاد کردنی بە زەمانەت، پاش مانگرتن لە خواردن زاری خۆی دووریەوە. شایانی باسە کە یەکێك لە خزمە نزیکەکانی لە وتوێژ لەگەڵ هەواڵنێری تەبرێز نیوزاد ئەم هەواڵەی دووپاتکردۆتەوە گوتویەتی"مادیح ئەحمەدی" لە باری جەستەییەوە لە بارودۆخێکی مەترسیدارایە.

ئەفسەری ئاسایشی دەوڵەت تەقینەوەکەنی شەمزینانیان کرد.

بە پێی هەواڵی ئاژانسی دیجلە لە نێو ئۆتۆمبێلی ئەو کەسانەی تەقینەوەکانی شەمزینانیان ئەنجام داوە لیستێك دۆزراوەتەوە کە تێیدا ناو و ژمارە تەلەفۆنی ئەو کەسانەی تێدابووە، کە هاوکاری هەواڵگری جەندەرمەی تورکیایان کردووە. ئەو کەسانەی ناوەکانیان ئاشکرابووە دوو ئەفسەری هێزی ئاسایشی تورکیان کە ناویان ئالی کایاو ئوز چەلیکە. بە پێی هەواڵی ئاژانسەکە لەو ئۆتۆمبێلەی کە ئەو ئەفسەرانە بە کاریان هێناوە، نەخشەیەکی ئەو شوێنانە دۆزراوەتەوە کە دەیانەوێ بیانتەقێننەوە. هەروەها لیستەکان دووجۆر بوونە یەکێکیان ناوی ئەو کەسانەی تێدابووە، کە ئەو ئەفسەرانە دەیانوێ بیانکوژن، لیستەکەی دیکەی ناوی ئەو کەسانەی تێدابووە، کە هاوکاری جەندەرمەی تورکیا دەکەن، ئەوکەسانەش فەرمانبەری دامودەزگاکانی حکومەتو موختاری گەڕەك و گوندەکانو ئەندامانی پارتە سیاسییەکانو هەندێکیشیان هاوڵاتی ئاسایین.

کێشە لە نێوان دانیشتووانی گەڕەکی سەرا و پارتی چارەسەر دێتە ئاراوە

بەمەبەستی هەڵمەتی پروپاگندەی هەڵبژاردن پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان کە بەلیستی تایبەت بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەکات، بنکەیەك لە گەڕەکی سەرای شاری رانیەدا دەکاتەوە،بەلاّم دراوسێکانی بنکەکە ناڕەزایی دەردەبڕنو داوای چۆڵکردن دەکەن، ڕۆژی ٢٠٠٥/١١/٢٢ منداڵانی ئەو گەڕەکە بنکەکە بەرد باران دەکەنو کێشە لە نێوان ئەندامانی پارتی چارەسەرو دانیشتووانی گەڕەکەکە سەر هەڵدەدا، هێزەکانی ئاسایشو پاسەوانانی مەڵبەندی راپەڕینی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە هانای پارتی چارەسەرەوە دەچنو کێشەکە بنبڕدەکەن.

ژمارەیەك پەنابەری کامپی ئەلکەرامە گەیشتنە نیوزلەندا

ژمارەیەك کوردی ڕۆژهەلاّتی کوردستان کە لە ئۆردووگای ئاڵتاش نیشتەجێ کرابوون، لەسەرو بەندی ڕووخانی ڕژێمی سەدام بەرەو ولاّتی ئوردن هەلاّتن، لەوێ لە کامپی ئەلکەرامە توونددکرانو دووچاری ناخۆشترین باری ژیان بوونەوە. ڕێکخراوە خێرخوازیەکان وەك پێویست ئاوەڕیان لەو دووجار ئاوارەبووانە نەدایەوە هەندێکیان بەرەو باشووری کوردستان هاتنو چادریان بۆ هەڵدرا، هەندێکیان وەبەر پەلاماری تیروریستان کەوتنو گیانیان لە دەست دا، ساڵی رابردوو ولاّتی سویدو نەرویج ژمارەیەك لەو ئاوارانە بەرەو ولاّتەکەی بردووە، ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٢٧ یەکەمین دەستە لەو ئاوارانە بە فەرمی بردرانە نیوزلەندا و ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٣٠ دووەمین دەستە گەشتنە نیوزلەندا لە شاری ئۆکلاّندا نیشتەجێکران.

لاوێکی شاری مەهاباد شەهید کرا

بەگوێرەی هەواڵ لەبەر هەبوونی هێزەکانی دەوڵەت لەمەیدانی شۆڕشدا، ژنانی دانیشتووی دەوروبەری مەیدانەکە وەزاڵەهاتوون، ڕۆژانە لەگەڵ هێزە ئینتیزامی یەکانی مەیدانی شۆڕش دەکەونە "دەمەقاڵی "و داوایان لێدەکەن ناوچەکە بەجێ بێڵن و چیدیکە نەبنە لەمپەر لەپێش ژیانی خەڵکی ناوچەکە. ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠٥/١١/٢٠ شێرکۆ ئەمینی لاوێکی ٢٧ ساڵەی شاری مەهاباد بۆ داکۆکی کردن لە ژنان دەچێتە شوێنی ڕووداوەکە و ڕقو تورەیی خۆی لە بەرانبەر "چەنەبازی" هێزەکانی دەوڵەت نیشان دەدات. بەلاّم دوای ئەوەی کە هێزەکانی دەوڵەت دەیانەوێ هێرشی فیزیکی بکەنە ژناو سوکایەتیان پێ بکەن، شێرکۆ ڕق و تووڕەبوونی خۆی هەڵدەڕێژێ و هێرش دەکاتە سەر یەکێك لە ئەفسەرەکان . بەلاّم هێزە دەوڵەتییەکان دەسڕێژ لە شێرکۆ دەکەن و هەرلەوێدا شەهیدی دەکەن. جەماوەری ناوچەکە، دوای ئەوەی هەموو ڕووداوەکە بەکوشتنی شێرکۆی لاویشەوە بەچاوی خۆیان دەبینن، هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی دەوڵەت، بەمەش تێکهەڵچوون لە نێوان خەڵکو هێزەکانی دەولەت ڕوودەدات. لەئاکامی ئەو تێکهەڵچوونەدا چەندین کەس بریندار دەبن و ژمارەیەك لاوی شاری مەهابادیش ڕاپێچی زیندان دەکرێن.

هەواڵ

گرژی لە نێوان خەڵکی کۆڕێو قایمقامی شەقلاّوە سەریهەڵدا

بە گوێرەی هەواڵ ڕۆژی ٢٠٠٥/١١/١٨ قایمقامی شەقلاّوە بە هاوکاری مەفرەزەیەکی پۆلیس بەمەبەستی تێکدانی خانووە تەجاوزەکان دەچێتە گوندی کۆڕێ، بەلاّم دانیشتووانی گوندەکە ناڕەزایی دەردەبڕنو ڕێگا بە تێکدانی خانووەکانیان نادەن. لە ئاکامدا گرژیو ناکۆکی لێدەکەوێتەوە و پەنا بۆ چەك دەبردرێو، بەلاّم قایمقامی شەقلاّوە ڕەوشەکە هێمن دەکاتەوە و واز لە بەرنامەکەی خۆی دەهێنێو دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی کارکردنی خۆی.

بەڕێوبەری ناحیەی دێگەڵە لەسەر کار لادەدرێ

بەگوێرە هەواڵ ڕۆژی ٢٠٠٥/١١/١٥ بەڕێوبەری ناحیەی دێگەڵە بە فەرمانی فەرمی پارێزگاری هەولێر لەسەر کار لادەدرێ. سەرچاوەیەکی نزیك هۆکاری لەسەر کار لابردنی ناوبراو بۆ هێنانی ئەو تانکەرە نەوتە دەگێڕێتەوە لە کوێوە هێنراوەو بەسەر دانیشتوانی ناحیەکە دابەشکراوە.

لە رانیە مامۆستایەك دەگیرێ

ڕۆژی ٢٠٠٥/١١/١٥ مامۆستا خەلیل خالید، مامۆستای قوتابخانەی کۆدۆ لە رانیە بەمەبەستی ئامۆژگاریکردنی خوێندکارە کچەکان دەچێتە قوتابخانەی دەروازەی کچان، لە ئامۆژگارییەکانیدا تۆمەتی بەدڕەوشتی دەداتە پاڵ ئەو کچانەی کە لەچکە لەسەر ناکەن، بەمەش ڕووبەڕووی ڕەخنەی خوێندکاران دەبێتەوەو هێرشی دەکرێتەسەر، بۆ ئەم مەبەستە ئاگاداری ئاسایش دەکرێ و داوای لە دژدا تۆماردەکرێ، هێزەکانی ئاسایش ناوبراو دەگرن، دوای شەو و ڕۆژێك زیندانی کردن لەسەر داوای لایەنێکی سیاسی، ناوبراو ئازاد دەکرێت.

ژنێك دەسوتێندرێ

بە گوێرەی هەواڵ ڕۆژی ٢٠٠٥/١١/١٤ ژنێکی دانیشتووی قەزای سۆران بەناوی (پ. ئەحمەد) لەکاتی جل شووشتندا لەلایەن مێردەکەیەوە نەوتی پێدادەکرێ و ئاگری تێبەردەدرێ، دوای ٤ ڕۆژ مانەوەلەنەخۆشخانە لەڕۆژی ٢٠٠٥/١١/١٨ گیان لەدەست دەدات‌و دەمرێ. هەواڵەکە ئەو ڕوداوە بۆ کێشەو گرفتی دارایی دەگێڕێتەوە.

گوندی سۆفیان لە بەڕێوبەرێتی کارەبا ناڕازین

گوندی سۆفیانی ناحیەی بنگرد ناڕەزایی خۆیان لەنەبوونی کارەبا دەردەبڕنو گللەیی لە بەڕێوبەری کارەبا دەکەنو دەڵێن گوندەکەی ئێمە تەنیا یەك کیلۆمەتر لەسەرچاوەی هێڵی کارەباوە دوورە، وەڕای ئەوەی ماوەیەکە بەڵێنمان پێدراوە بەلاّم کارەبامان بو رانەکێشراوە، لە کاتێکدا هەندێ گوندی تر کە زۆر دوورترنو شوێنەکەشیان سەختو ناخۆشترە بەلاّم کارەبایان بۆ ڕاکێشراوە.

چەند هاوولاّتییەك لەلایەن گەریلاکانەوە دەگیرێن

بە گوێرەی هەواڵ چەند هاوڵاتیەکی گوندی کۆزینەی بناری قەندیل بە تۆمەتی ئەوەی ڕۆژی ٢٠٠٥/١١/١٣ گەریلایەکی کۆنگرەی گەل بەناوی (هەڤاڵ رامان) یان دەربازکردووە لەلایەن هێزێکی گەریلاوە گیراونو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ. یەکێ لەو هاوڵاتیانە ناوی (عەمەر حاجی شەریف)ە بە تۆمەتی ئەوەی بە سەیارەکەی خۆی ناوبراوی بۆ سلێمانی گواستۆتەوە، خۆیو سەیارەکەی دەستبەسەرکراون.

رانیە بێ سەرۆکی شارەوانییە

دوای ئەوەی بۆ چوارەمین جار سەرۆکی شارەوانی رانیە لەلایەن پارێزگاری سلێمانیەوە لەسەر کارلادرا و کەسێکیتر لە جیێگەی دانەنرا، کێشەو گرفت بۆ دانیشتووانی ناوچەکە دروست بووە، هاوڵاتیان داوا دەکەن ئەو کێشەیان بۆچارەسەربکرێ، بەلاّم تا ئێستا هیچ وەلاّمیان نەدراوەتەوە و تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە شارەوانی شاری رانیە بێ سەرۆکە و زۆربەی کارەکانیش وەستیندراون.

دوو لاوی قەسرێ بێ سەروشوێنن

بە گوێرەی هەواڵ ڕۆژی ٢٠٠٥/١١/١٤ دوو لاوی گوندی قەسرێی سەر بەچۆمان بەناوەکانی (حەمەو ڕێبان) لە ماڵچوونەتە دەرێو تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە. بنەماڵەی ئەو دوولاوە نیگەرانن‌و بەدوای هەواڵو چارەنووسیان دادەگەڕێن. بەگوێرەی وتەی بنەماڵەکانیان ئەو دوولاوە هیچ کێشەو گرفتێکیان لەگەڵ بەنەماڵەکانیان نەبووە.

هەورە تریشقە پێشمەرگەیەك دەکوژێ

شەوی ٢١-١١-٢٠٠٥ هەورە تریشقە لە سەنگەرێکی پێشمەرگەکان هەڵکەوتوو لە چیای (مامەندە) دەدات ، لە ئاکامدا پێشمەرگەیەك بە ناوی (قادر باوزی) دەکوژرێ و یەکێکی دیکەش بریندار دەبێ. هۆکاری ئەو ڕووداوانە دەگەڕێتەوە بۆ خراپی ئەو سەنگەرانە چونکە تەلی بەتاڵکردنەوەی بروسکەیان تێدا نییە و هەڕەمەکیانە دروست کراون.

سێ دوکان لە قەڵادزە دەسووتێن

بە گوێرەی هەواڵەکان شەوی ٢٢-١١-٢٠٠٥ بە هۆی شۆرتی کارەباوە سێ دوکان لەنێو بازاڕی شاری قەڵادزەدا ئاگریان تێبەردەبێ و دەسووتێن و زیانی ماددیان پێ دەکەوێت، هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ خراپی باولەکانی کارەباو شێوازی دروستکردنی دوکانەکان، چونکە ئەو دوکانانە ماوەی چەند ساڵێکە لە دارو قوڕ دروست کراون، بەیانوێ ئەوەی تەجاوزن شارەوانی ڕێگە بە خاوەنەکانیان نادات بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بە چیمەنتۆ دروستیان بکەنەوە. ماوەی ٢ ساڵ زیاترە شارەوانی بڕیاریداوە کە خۆی دروستیان بکاتەوە، بەلاّم نەخۆی چاکیان دەکاتەوە و نە ڕێگەش بە خاوەنەکانیان دەدات بۆ خۆیان دروستیان بکەنەوە. ئەوەی شیاو باسە ئەمە دووەمین جارە لە ماوەیەکی کورتدا ڕووداوی لەم چەشنە دەقەومێ و زیان بە دوکانداران دەکەوێت.